رێزمان/وشەسازی بە وشە

وشە لە هەموو زمانێکدا ئەگەر لە سەردەمێکی دیاریکراو وەربیگرین ئەوا دەبینین وشەکان سنوردارە،بۆنمونە ئەگەر ئەمڕۆ وشەی زمانی کوردی وەربگرین دەبینین، دیاریکراون

کە تایبەتە بەو سەردەمەوە(کەتیایدا بە کار دەهێنرێن،وە لەوانەیە جیاوازیش بێت لە وشەکانی سەردەمی پێشوو وە جیاوازیش دەبێت لە وشەکانی داهاتوو،چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت و لە توانایدا نییە هەموو وشەکانی زمانەکەی لەبەر بێت یان فەرهەنگی وشەی زمانەکەی بپارێزێت،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هەردەم وشە زیاد و کەم دەکات

واتە وشە لە دایک دەبێت و ماوەیەک بەکار دەهێنرێت و لەناو دەچێت دواتر سست دەبێت و دەمرێت .

وشە وەک گەڵای درەخت وایە وشەی نوێ تازە دێتە ناو زمان سەرهەڵدەدات دواتر بە سەوزی دەمێنێتەوە و دواتر زەرد دەبێت و دواتر دەوەرێت بەم شێوانە وشەکانی زمان بەردەوام دەبن و بەردەوام لە گۆران دەبن.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ژیان هەردەم لە پێشکەوتن دایە بەهۆی بەرەوپێشچوونی شارستانیەت و تەکنەلۆجی و پیشەسازی و هتد. شتی تازە و نوێ دێتە ئاراوە کە لەسەردەمانی پێشووتردا نەبووە وەک:مۆبایل،دەراسە..هتد .

دراسە شوێنی کۆمەڵێ وشەی گرتوتەوە جگە لەمە هەروەها مۆبایل چەندین وشەی نوێی هێناوەتە ناو زمان (سکرین،ڤێرشن،ریکۆرد،ریپلەی،ئیدیت،هتد)دەبینین وشە نوێکان بە زۆری ناون جا ناوەکە بەرخەستە بێ یان نا بەرجەستە بێت واتە مەعنەوی هتد .

وشەکان لە سەرەتادا لەسەر بنچینەی ئەفلاتون پۆلین کراوە

بۆنمونە سەرەتا ناو و کار هەبوون دواتر ئەمانە ماوەیەکی دورروو درێژ کاریان پێکرا دواتر هەر لەو سەردەمەدا تا ئەمرۆ چەندین گۆرانکاریان بەسەرداهاتووە کە تەنها لەرووی شکلەوە تا وای لێهات هەریەک لەمانە بۆتە بەشی سەربەخۆ،وە هیچ کامێکیان لە زماندا جیاوازیان نییە وە هیچ کامێکیان لەوی تریان گرنگ تر نین بۆ نمونە بەشە ئاخاوتنی ناو کە رێژەی لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر زیاترە کەس ناتوانێت بڵێت لەبەر ئەوەی ئەم بەشە ئاخاوتنە ژمارەیان زۆرەو زۆر بەکار دێن لە بەشەکانی تر گرینگ ترە.

ئەگەر ئامرازە پەیوەندییەکانی زمانی کوردی وەربگرین دەبینین بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن واتە ژمارەیان کەمە و دیاریکراوە،وە ژمارەیان زۆر کەمترە لە بەشە ئاخاوتنی ناو،بەڵام ئەگەر سەیریان بکەین ئامرازەکان رۆڵو گرینگی زۆریان هەیە لە زماندا ناتوانرێت بەکەم سەیری بکرێن و فەرامۆش بکرێن چونکە ئەگەر یەکێک لە ئامرازە پەیوەندییەکان لە زماندا هەڵبگرین ئەوا کێشەیەکی زۆر دروست دەبێت،چ جای ئەوەی هەموو ئامرازە پەیوەندییەکان لابەین. لادانی ئامرازو پەیوەندییەکان لە زماندا،زمان پچڕ پچڕ دەبێت وە زنجیرەی قسەکردن دەپچڕێت و دەشێوێت، وایە مەبەستەکان ئەو

زنجیرەیەی کە هەیانە هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێت،ئەو کاتە وای لێدێت کە گوێی لە زمان دەبێت ئازارت دەدات وە تێگەیشتن زۆر کەم دەبێت وای لێدێ پەیوەندی نێوان تاکەکان دەشێوێت.

کەواتە گرینگی هەر یەک لەم بەشە ئاخاوتنانە گرنگییە بۆ وشە،چونکە هەرچەندە وشە زۆر بێت زمانیش ورد ترو پاراو تر دەبێت بۆیە پێویستە بەکار هێنەری زمان یان مرۆڤی ڕۆشنبیر هەوڵبدات فەرهەنگی زمانەکەی پڕ بێت لە وشە.لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵبدا کەم و زۆر وشە کۆنەکانیش بەسەربکاتەوە

چونکە تێکەڵ بوونی وشەی کۆن و نوێ زمان دەوڵەمەند دەکات . ئەمەش بەهۆی زۆر بوونی وشەوە کە وشەش زۆر بوو دەربڕین وردتر دەبێت بەمەش تێگەیشتن ئاسانتر دەبێت.

هەروەک دەزانین وشە واتاو ئەرکی هەیە،بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهاشی هەیە (قیمەت) ئەگەر چی ئەم بەهایە جیایە بەڵام لە نێو بازنەی واتا دایە بۆ نمونە بەهای پارە لە بەکارهێنان و گۆرینەوە دایە دەنا هەزار دیناریەک کە چەند وێنەیەکی لەسەرە ئەگەر نەگۆردرێتەوە بە بنێشتێک یان کێکێک یان پاکەتێک ئەوا هیچ بەهایەکی نییە یاخود بەها بەپێی شوێن وشە لەو شوێنە بەهای دەبێت کە تێیدا بەکار دێت وە دەگۆردرێتەوە ئەگینا هیچ بەهایەکی نییە،بۆ نمونە وشەیەکی وەکو ئاو لە زمانی تورکی یان عەرەبی هیچ بەهایەکی نییە چونکە لەبەرامبەردا وەڵام نادرێتەوە بەڵام ئەم ئاوە لە زمانی کوردی بەهای هەیە کە بەیەکێک بڵێی ئاو کابرا وەڵام دەداتەوە و کاردانەوەی دەبێت .یاخود شتێک کە نەتبێت ئەوکات بەهای دەزانیت بۆ نمونە قەدری زێر لای زیرنگرە

نەبوونی دەست بەهاکەی لای ئەو کەسەیە کە دەستی نییە هتد .

بە جیاوازی نێوان وشەکان  بەهای گۆرینی وشەکان دەگۆریت

بۆنموونە وشەی جوان بەهای کەمترە لە وشەی شۆخ هەروەها شۆخ بەهاکەی کەمترە لە وشەی شۆخ و شەنگ وە ئەویش بەهای کەمترە لە قەشەنگ. بۆ نمونە کاتێک بە یەکێک دەڵێی تۆ جوانی وە بە برادەرەکەی بڵێی تۆ شۆخ و شەنگی هەست دەکەی کە بەهای جوانیەکەی کەم بۆتەوە

پێچەوانە :بۆ نموونە وشەی پیس بەهای کەمترە لە وشەی خاوێن

ڕاستەوانە: وشەی پیس بەهای زیاتر لە قێزەون

وە زۆر جار بە دانانی وشەی (زۆر) لە پێش وشەی زۆر بەهای وشەکە زیاتر دەکات وەک ( جوان / زۆر جوان ) (زیرەک/زۆر زیرەک) بەڵام بە پێچەوانەوەش مەرج نییە هەموو کات وشەی (زۆر) بەها بەرز بکاتەوە، بۆ نموونە (زۆر پیس، زۆر پیس)(شیرین/زۆر شیرین)  یان (گەیوو / زۆر گەیوو)

قژکاڵی لێو ئاڵی پرشینگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ

_چەند پێناسەیەک بۆ وشە -:

وشە فۆرمێکی سەربەخۆیە،بە پێی ئەم پێناسەیە بێ وشە دوو مەرجی تێدایە یان فۆرمێکی دەنگی هەبێ وە وجودی هەبێ وە سەربەخۆ بێت. لەم پێناسیە ئەوە دەردەکەوێ کە لادان لە هەریەکێک لەم مەرجانە ئەوە دەردەکەوێ ئەم کەرەستەیە وشە نییە.

یەکێک لە کەم و کوریەکانی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە جاری وا دەبێت وشەمان هەیە بەڵام فۆرم"مان نییە وەک لەم رستەیەدا (هاتم) رستەیەکە بە یەک وشە نوێنراوە کە لە ئاستی ژێرەوەدا بەم شێوەیەیە، (من هاتم) لێرەدادەردەکەوێ

کە لە ئاستی ژێرەوە وشەی من هەیە بەڵام لە ئاستی سەرەوە دەرنەکەوتووە کە ئەمەش بۆ ئاسان کردنی زمانەکەیە،یەکێک لە کەموکوریەکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە باس لە واتاو ئەرکی وشە ناکات.

٢-وشە دانەیەکی واتا داری زمانە،بەپێی ئەم پێناسەیە دەبێت وشەیەک هەبێت لە ناو رستەدا بەکاربهێنرێت وە واتا بدات.

یەکێ لە کەموکوریەکانی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە واتە تاکە مەرجی وشە نییە چونکە زۆر جار وا دەبێت وشەمان هەیە ئەرکی هەیە بەڵام واتای نییە یاخود دەتوانین چەند وشەیەکی بێ واتا دروست بکەین و لە ناو رستەدا ئەرکیان پێ ببخشین

نم(جنقان: جنقانەکە جنقانەکەی جنقاند)

وە زۆر جار وشەمان هەیە لەناو رستەشدا بەکاردەهێنرێ کە تەنها ئەرکیان هەیە.

بۆ نموونە (وشە ئەرکییەکان) ئا.لێکدەر(بەڵام،ئەگینا،ئاخر،لەگەڵ،ئنجا،بۆ)

٣-وشە دانەیەکە ئەو لاو ئەولای هەیە،کە دەڵێ دانەیە مەبەست لەو ئەولاو ئەو لای هەیە کە بەتاڵییەک یان ماوەیەک(سپەیسێک) لە پێشەوەو دواوەی وشە هەیە.

یەکێک لە کەمو کوریەکانی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە باس لە ئەرک و واتا ناکات.

کە دەڵێین دانەیەکە واتا دانەیەکی دەنگییە،بەمەش ئێمە دەتوانین چەند دانەیەکی دەنگی دروست بکەین کە ئەولا و ئەلایەی هەبێت.

کەمو کوریەکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە سنوری ئەم ئەولاو ئەولایەی دیاری نەکردووە،واتا سنورەکەی نازانرێت کە ئایا کەمە یا زۆرە،لەبەر ئەوە ئەگەر مەوداکە زۆر بوو ئەوا قسەکەر بە خاوی قسەدەکات و وە ئەگەر مەودایەکە کەم بوو ئەوا قسەکەر زۆر بە خێرایی قسەدەکات واتە سپەیس ناداتە وشەکان و وشەکان پێکەوە دەنوسێنێت،بەمەش قسەکەر چ خاو بێ چ خێرا بێت بە هەردوو باردا بێزار دەبن گوێگر ئەزیەتێکی زۆر دەبینێ تاکو تێیدەگات.

کەمو کوەیەکی تری ئەم پێناسەیە لەوە دایە کە بۆ پێناسەی وشە پەنا براوەتە بەر ئاستی رستە سازی،چونکە وشە لە ئاستی رستەسازیدا ئەو ئەولاو ئەلایەی هەیە وە رستەش بۆخۆی لە دانەی گەورەتر ئەم ئەولاو ئەولایەی هەیە کە بریتییە لە فاریزە،نوقتە یان هەر نیشانەیەکی خاڵبەندی

٤-وشە دانەیەکی بزێوە،مەبەست لەوەیە کە دەبێت وشە توانای شوێن گۆرینی هەبێت و بجوڵێت ئەم جوڵانەش لەنێو رستەدا دەبێت. کە دەبێت لە ژینگەی جیا جیا دەربکەوێت

واتا لە سەرەتاو ناوەرستی رستەدا.

بەپێی ئەم پێناسەیە بێت هەر کەرەستەیەک ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت بە وشە دانانرێت.

کەم و کوری ئەم پێناسیە یە لەوە دایە باس لە واتاو ئەرک ناکات.وە بۆ پێناسە کردنی وشە پەنای بردۆتەبەر ئاستی رستە سازی،بە پێی ئەم پێناسەیە بێت هەندێک لە بەشە ئاخاوتنەکانی وەک (کار،ئا.پەیوەندەییەکان)ڤە وشە دانادرێت

بۆ نمونە کار لە ژینگەی سەرەتادا بەکارنایەت،وە ئا.پەیوەندییەکانیش لە ناوەراستی رستەدا نەبێت بەک

وشەی لێکدراو بەستراو جیاوازی لەگەڵ وشەی ئاسایی

وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا لە چەندین شێوەی جیاواز ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتبێ،بە مەرجێ بە ئامرازی بەستنی (و)لێکدرابێ وە بە ئاسانی شوێن نەگۆرنەوە (واتە ئەگەر شوێن بگۆرنەوە دەبێتە هۆی واتای رۆنانەکە)وە هەروەها هەمو کەرتە پێکهێنەرەکانیشی سەر بە هەمان بەشی ئاخاوتن واتە ئەگەر نا بێ دەبێ هەموو ناو بێ ئەگەر هاوەڵناو بێ دەبێ هەموو هاوەڵناو بێت ئەگەر ئاوەڵکار بێ دەبێت هەموو ئاوەڵکار بێت.

-سنورو تایبەتمەندییەکانی لێکدراوی بەستراو-:

ئەو وشانەی لە زمانی کوردیدا بە ئامرازی بەستنی (و)لێکدەدرێن لەوانەیە فرێزی ئاسایی بێت وە لەوانەیە وشەی لێکدراوی بەستراو بێ وە لەوەنەیە ئیدیەم بێت ئێمە چۆن ئەمانە لە یەکتر جیا بکەینەوە بۆ ئەوەی تێکەڵی رونەدات.

-وشەی لێکدراوی بەستراو فرێزی ئاسایی-:

فرێزی ئاسایی لە زمانی کوردیدا لە چەند قالبێکدا دەبینرێت

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو فرێزانەن کە کەرتەکانیان بە ئامرازی (و) پێکبەستراون وەک:

(کاڵەک و شوشتی )(خیار و تەماتە )

فرێزی ئاسایی بەم تایبەتمەندیانە خوارەوە لە وشەی لێکدراوی بەستراو جیادەکرێتەوە-:

١-کەرتەکانی ئەم لێکدراوایە ئەگەر ناو بن یان ناوی گشتی بن ئەوا تاکە تاکەیان ئامرازی ناسیاوی نەناسیاوی کۆیان پێوە نالکێ وەک:(کەس و کار) ناتوانین بڵێین

) کەسەکە و کارەکەم بینی (

بە پێچەوانەوە فرێزی ئاسایی کەرتەکانیان تاکە تاکەیان ئامرازەکانی ناسیاوی نەناسیاوی کۆ وەردەگرێ وەک (خەیار و تەماتە) خەیارەکەوتەماتەکەم خوارد/خەیارێک و تەماتەیەکم خوارد.

٢-لە فرێزی ئاساییدا ژمارەی کەرتەکان سنور دار نییە واتا دەتوانین بێ کۆتا کەرت زیاد بکەین وەک: خەیارو تەماتەو بامیەو کودی باینجانو بیبەر.

بەڵام لە وشەی لێکدراوی بەستراو زیاد کردنی کەرتێکی تر وشە لێکدراوەکە دەگۆرێ بۆ فرێزی ئاسایی وەک:خزم و کەس و کار و ..هتد.واتە ئەگەر لە دوو کەرت زیاتر بوو ئەوا گۆرانەکە دەگۆرێت بۆ فرێزی ئاسایی.

٣-کەرتەکانی فرێزی ئاسایی بە ئاسانی پاش و پێش دەخرێن بێ ئەوەی واتای فرێزەکە بگۆرێ.

وەک:(خەیار و تەماتە) دەتوانین بڵێین (تەماتەو خەیار)

بەڵام کەرتەکانی وشەکانی بەستراو هەر کەرتەو جێگەی خۆی هەیە جێ گۆرکێ پێ کردنیان دەبێتە هۆی شێواندو تێکدانی واتای رۆنانەکە.

وەک:(کەس و کار )وشەیەکی لێکدراوی بەستراوە ناتوانین جێگۆرکێ بە شوێنی کەرتەکانیان بکەین بڵێین (کار و کەس)

٤-کەرتەکانی فرێزی ئاسایی بە ئاسانی لە یەکتر دەترازێن و رێگە دەدەن کەرستەی تر بچێتە نێوانیانەوە

وەک:خەیارێک و (وابزانم)تەماتەیەکم کری

خەیارێک و (درۆن نەکردبێ)تەماتەیەکم کری

بەڵام کەرتەکانی وشەی لێکدراوی بەستراو رێگە نادەن کەرەستەی تر بێتە نێوانیانەوە

وەک:(کەس و کار) کە وشەیەکی لێکدراوی بەستراوە ناتوانین بڵێین (کەس و (وابزانم) کارێکیشم بینی)

٥-کەرتەکانی فرێزی ئاسایی بەهۆی فیارخەرەوە دەتواندرێ فراوان بکرێ:- (خەیاروتەماتە) (کەس و کار)

خەیاری خۆماڵی و تەماتەی ئێرانی کری

کەسو کاری خۆی دیتەوە

٦-ئەو پەیوەندییە واتاییەی لە نێوان کەرتەکانی ئەم لێکدراوانەدا هەیە پەیوەندییەکی سنور دارە،واتە لە چەند جۆرێک تێناپەڕێ وەک :- هاوواتایی-دژ واتایی-گرتنەوە

بە پێچەوانەوە لە فرێزی ئاساییدا نێوان کەرتەکان بەتەواوی دیاری ناکات. بە واتایەکی تر دوو ناو یا دوو ئاوەڵناو لە فرێزێکدا بەیەکەوە دێن یا نا وە ئەگەر تەگەریەک هەبێ دەبێت لە دەرەوەی زمانەکە بێت پەیوەندی بە دەوروبەرمانەوە هەبێت.

وەک:-( پەرت و بڵاو هاوواتا

/خزم و کەس هاوواتا

سەر و خوار دژ یەک / پاراو پول گرتنەوە(

-٧

هەندێک جار ئەم ئامرازانە

بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە کەرتی دووەمی  لێکدراوەکە لەسەر ئەوەی یەکەم داڕێژرابێت. وەک بۆ نمونە (حازر و بزر ، دەم و چاو ، سەرما و سۆڵ ، چرو پر ، سوکو چروک ، ساغ و سەلیم)

بەڵام فرێزی ئاسایی بەم شێوەیە نییە

٨-جیاوازیەکی تری نێوان فرێزی لێکدراو و بەستراو و فرێزی ئاسایی لە هێزدایە،لە فرێزی ئاساییدا هەردوو بەستراوەکە هێزیان دەکەوێتە سەر بەڵام لە وشەی لێکدراودا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا برگەی کەرتە لێکدراوەکە

لە وشەی دووەمدا دەبێت.وەک (کەس و کار ، تەنگ و چەڵەمە، نەرمو نۆڵ ، سپی و سور، گورج و گۆڵ)

"ئاوەڵناو-:

چەند جۆرێک ئاوەڵناو هەیە (ئا.پلەی باڵآ،ئا.پلەی بەراورد،ئا.ئاسایی)

١-ئاوەڵناوی ئاسایی:- ئەو ئوەڵناوەیە کەلە فەرهەنگدا دەبینرێ کە بەشێوەی ئاسایی وەسفی ناو یا جێناو دەکا وەک (جوان،بەرز،پاک،..هتد)

٢-ئاوەڵناوی پلەی بەراورد:- ئەو ئاوەڵناوەیە کە بەراوردی سیفەت لە نێوان دوو شت یان دوو کەس بکا بەهۆی نیشانەی (تر)ەوە وەک(جوان/جوانتر،بەرز/بەرزتر،چاک/چاکتر)

٣-ئاوەڵناوی پلەی باڵا:- ئەویش جیاوازی سیفەت لە نێوان دوو شت کە یەکێکیان لە هەمووان پەسەند تر دەکا وەک(جوان/جوانترین،زیرەکترین،زیرەک/زیرەکترین،چاک،چاکترین/خۆش،خۆشترین..هتد)

ئاوەڵناولە زمانی کوردیدا بەشێکە لە ناو-:

لە زمانی کوردیدا دەتوانین لە رووی فۆرمو ئەرکەوە بە بەشێک لە ناو دابنرێ وەک لەم خاڵانەی خوارەوە سەردەکەوێ.

١-لەرووی وشە سازییەوە

أ-گیرەکە رێزمانیەکان:-هەموو ئەو پاشگرە رێزمانیانەی کە بە ناو"ەوە دەلکێن بە هەمان شێوە دەتوانرێت لە رووی واتاو و ئەرکەوە بە ئاوەڵناویش بلکێندرێ .کە بریتین لە (نیشانەی ناسیاوی ، نەناسیاوی،کۆ،تاک،جۆیەتی)

ناو/ پیاوەکە،منداڵەکە،کورەکە،گوڵەکە

پیاوێک،منداڵێک،. کورێک ،گوڵێک

(ەکە) (ێک)

ئاوەڵناو/بەرزەکە،چاکەکە،جوانەکە،نازدارەکە

بەرزێک،چاکێک،جوانێک،نازدارێک

ناو/کوران،گوڵان،شێران،خاکان

)ان(

ئاوەڵناو/ بەرزان،جوانان،پاکان،سووران

ب/گیرەکی وشەدارێژ-:

زۆربەی ئەو پاشگرانەی کە وەک گیرەکی وشەدارێژ دەچنە سەر ناو بە هەمان واتا لەگەڵ ئاوەڵناو واتە هاوبەشن

وەک

| گیرەکی وشەدارێژ. | ناو. | ئاوەڵناو |
|---|---|---|
| ی | منداڵی. | بینایی |
| ێتی-ایەتی-ەتی. | کوردایەتی. | بەرزایەتی |
| ە. | شەوە. | خراپە |
| ەمەنی. | چاپەمەنی. | ساردەمەنی |
| ێنە. | ماشێنە | زەردێنە |
| انە. | کورانە. | پاکانە |
| ەن. | پوشەن. | روتەن |
| ۆڵ. | ئاسکۆڵ. | نەرمۆڵ |
| ەڵە. | بەرخۆڵە | |
| ەک. | کوتەک. | بەرزەک |

تێبینی:-ئەوەی ئاوەڵناو لە بەشەکانی تره ئاخاوتنجیادەکاتەوە

بریتییە لە پاشگری رێزمانی (تر،ترین)لە دەچێتە سەر هەموو ئاوەڵناوەکان بە دەگمەن دەبینین دەچێتە سەر بەشەئاخاوتنەکانی تر وەک (پیاو،پیاوتر،پیاوترین)(منداڵ،منداڵتر،منداڵترین)(جار،جارتر)(کار،کارتر،کارترین)

)زوو،زووتر،زووترین (

٢-له رووی رسته سازیدا-:

ئەوەی ناو ئاوەڵناو له رستەسازیشدا له یەکتر جیانابنەوه به واتایەکی تر دەتوانێ هەموو ئەرکه رێزمانیەکان ببینێ که لەرستەیەک دا جێبەجێ دەکرێ له

تب/بۆ ئیمتحان تەنیا ئاوەڵناوەکان هەوه ناو تەنیا بۆ زانینه!

١-ناو ئاوەڵناو دەتوانن هەردووکیان دەتوانن ئەرکی بکەر ببینن

بکەر ناو/کورکه هات

ئاوەڵناو/ جوانەکەهات

بەرکار. ناو/ ئەو کورەکەی گرت

ئاوەڵناو/ ئەو قەڵەوەکەی گرت

ئەرکی ئاوەڵکار -:

نا/لەناو کچاندا هەموو شن باوه

ئاوەڵناو/لەناو جوانان هەمووشت باوه

ناو/لەگەڵ کچاندا دەگەرێ

ئاوەڵناو/لەگەڵ جواناندا دەگەرێ

دیارخەر-:

ناو/کوری مامۆستا گەیشت

ئاوەڵناو/کوری قەڵەو گەیشت

تەواوکەری کاری ناتەواو-:

ناو/ئەو مامۆستایە

ئاوەڵناو/ئەو جوانە

جێگری بکەر-:

ناو/مامۆستا گیرا

ئاوەڵناو/قەڵەو گیرا

نیهاد-:

ناو/مامۆستا زیرەکە

ئاوەڵناو/قەڵەوەکە زیرەکە